# رابونی کەوانەی شیعەو هەڵوێستەیەک لەمەڕ ئایندەی عێراق و کوردستان !

ڕێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم

سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران هاوکێشە سیاسیەکانی تەواوی ناوچەکەی گۆڕی ئەو دەمە هەرچەندە جەنگی سارد لە ئارادا بوو بەڵام تەواوی جەمسەرەکانی دنیا بەرامبەر بە فەلسەفەی هەناردن ( تەصدیر ) ی ئەو شۆڕشە کەوتبونە دڵەڕاوکە، هەرچەندە لەو دەمەدا عێراقی بەعسی کرایە لەمپەر بەرامبەر ئەو هەڕەشەیە بەڵام ئەمڕۆ عێراقی شیعە بۆ خۆی بەشێکە لە پرۆسە کۆنەکەی هەناردنی شۆڕش بەڵام لە بەرگێکی تازەو بەهێزتردا، ئەمەریکا هەوڵ دەدات عێراقی ئایندە فۆرمێک نەبێت لە ڕژێمی مەلاکانی ئێران یاخود لە ڕژێمی تەپلە ڕەشەکانی تالیبان، ئێرانیش دەیەوێت دەستی خۆی درێژتر بکات و قەڵەمڕەوی خۆی بە هۆی شیعەکانی عێراقەوە بەهێزتر بکات. ئەو ئاواتەی  ئایەتوڵا خومەینی لەگەڵ خۆیدا بردیە گۆڕەوە ئەمڕۆ ئەحمەدی نەژاد و موقتەدا سەدرو حەسەن نەسروڵا بە وردی کاری بۆ دەکەن، کەوانەی شیعەش هەنگاوێکە بەو ئاراستەیە!

**دروست بوونی کەوانەی شیعە:**

ڕەنگە شا عەبدوڵای پادشای ئەردەن یەکەم سەرکردەی سیاسی بێت لە ناوچەکەدا، کە ئاماژەی بە خەرتەرناکی پەیدابوونی کەوانەی شیعە یاخود ئەوەی ئەو ناوی لێنابوو ( الهلال الشیعی ) دابێت، شا عەبدوڵا لە لێدوانێکی خۆیدا بۆ ڕۆژنامەی  واشنتۆن پۆست لە دیسەمبەری 2004 دا ڕایگەیاند کە ناوچەکە لەبەر دەم مەترسی  کەوانەیەکی ( شیعی ) دایە، ئەو کەوانەیەی کە لە ئێرانەوە بە باشوری عێراقدا بەرەو سوریا دەڕوات و لەوێوە دەپەڕێتەوە بۆ باشوری لوبنان...

کەوانەی شیعە ئەو دەمە زەمینەیەکی لەباری بۆگونجا کە شیعەکانی عێراق بەهۆی زۆری ژمارەیان و ئەو زۆرینەی کە لە پارلەمانی عیراقدا پاش ڕوخانی دەوڵەتی عێراقی سونی بە دەستیان هێنا توانیان وەک هێزی یەکەم خۆیان بەسەپێنن و نەک تەنها پۆستە گرنگەکانی دەوڵەتی عیراق بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن بەڵکو لە هەموارکردنی  بڕیارە سیاسیەکانیشدا ڕۆڵی سەرەکیان هەبێت، لەوەش زیاتر وایکرد کە بڕیاری شەڕ یاخود ئاشتی بەرامبەر بە ئەمەریکا دیسان لە دەستی خۆیاندا بێت...

زۆربەی چاودێرانی سیاسی لەو باوەڕەدان کە ئەمڕۆ لە عێراقدا شەڕێکی تایفەگەری بەڕێوەیە، ئەم شەڕە جگە لە چەند حاڵەتێکی زۆر کەم بە شێوەیەکی گشتی لە نێوان شیعەو سونەدایە، شەڕەکە زیاتر لەو ناوچانەدا گەرمە کە هاوبەشە لە نێوان شیعەو سونەدا  یاخود یەکێکیان لەچاو ئەوی دیکەدا زۆرینەیە.

ئەم شەڕە لەسەر چییە؟ بۆچی دەبێت سونەو شیعە هێندە خەمخۆری ئەوە بن کە لە ناوچەکانی بەریەککەتنیان هەوڵ بدەن پاکتاوتی نەژادی بەرامبەر بە یەکتر ئەنجام بدەن؟ بۆچی دەوڵەتانی سونەی عەرەبی پشتوانیەکی زۆر لە سونەکان دەکەن ، بەرامبەر ئەوەش ئێران درێغی لە هیچ یارمەتیەکی باڵە جیاوازەکانی شیعە ناکات لە عێراقدا، ڕۆڵی کورد لە نێوان ئەم دوو بەرەیەدا چی یە و چۆن گەمەی سیاسی دەکات بۆ ئەوەی نەکەوێتە ناو ئەو بەرداشەوە؟ بە وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانە زۆربەی لایەنە نهێنیەکانی ئەم شەڕەی ئەمڕۆی عێراق ئاشکرا دەبێت..

هێڵەکانی کەوانەی شیعە لە ناوچەکەدا زۆر بە وردی لە لایەن ئێرانەوە کاری ئەندازیاری بۆ دەکرێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش هەنگاوی تۆکمەترو نەخشەی وردتری بۆ دادەڕێژێت ئەمەش تەنها لەبەر یەک هۆیە ئەویش بریتیە لە خۆ سازکردن بۆ تەواوکردنی پرۆژەی چەکی ئەتۆمی و دروست کردنی لەمپەر بەرامبەر بە ئەمەریکا لە ئەگەری هێرش کردن بۆ سەر ئەو دەوڵەتە..

خەونەکانی ئێران لە ناوچەکەدا تەنها خەونی تایفەگەرایی شیعە نی یە بەڵکو خەونی زیندوکردنەوەی ئیمپراتۆریەتە کۆنەکەی جارانە کە وەک زلهێزێک لە ناوچەکە بتوانێت ڕەفتار بکات، بایەخدان بە

بەرنامەی ئەتۆمی و پەلکێشکردنی شیعەکانی عێراق و دنیا بۆ نێو باوەشی ئەو ئیمپراتۆریەتە جگە لە یەکەم هەنگاو هیچی دیکەی ناونانرێت، ئەگەر ئێران لەم کارانەیدا بتوانێت تاڕەیەک سەرکەوتن بەدەست بێنێت ئەوە چ ئەمەریکا و چ دەوڵەتانی ئەوروپا لەهەر هەنگاوێکدا دژی ئێران ناچار دەبن نەک یەکجار بەڵکو سەدجار بیرکەنەوە ..جەنگی ئیسرائیل وپارتی خوداش ئەو راستیەی باش سەلماند کە ئەگەر ئێران مەبەستی بێت ئەوە دەستی درێژدەکات بۆ زۆر بستە زەمینی ئەم دنیا، بەڵام بۆئەوەی ئێران باشتر بتوانێت دەستی درێژکات ئەوە پێوستە لەسەری کەوانەی شیعە تۆکمەتر و فراوانتر بکات...

ئەمرۆ مەترسی کەوانەی شیعە لە ناوچەکەدا زۆر بابەتی سیاسی و ستراتیژی گرنگ دەوروژێنێت کە ئەم خاڵانەی خوارەوە هەندێک لەو بابەتانەن:

یەکەم :- نیگەرانی لە زیاد بوونی قەڵەمڕەوی ئێران

زۆربەی دەوڵەتانی کەنداوی عەرەب لە زیاد بوونی دەسەڵاتی ئێران تۆقیون، بەتایبەت کە ئێران زۆر لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو دەوڵەتانە لە دژی ئەمەریکا بەکاربێنێت و سیستەمێکی ئەمنی نوێ لە ناوچەکەدا لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا دروست بکات ئەمەش جێگەی نیگەرانی تەواوی دەوڵەتەکانی کەنداوە لەبەر ئەوەی ئەو دەوڵەتانە هەست دەکەن کە ئێران بە نیازە لوشیان بدات، عەرەبستانی سعودی رەنگە زیاتر نیگەران بێت چونکە ئێران بە نیازی ئەوەیە لە باشوری عێراقدا فۆرمێک هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی ئێران دروست بکات، ئەمەش لە لایەن هیچ دەوڵەتێکی سونەوە پێشوازی ناکرێت چونکە ئەو دەمە ئێران هاوتای پاشکۆ تازە لەدایکبووەکەی دەبنە جۆرێک لە رژێمی ئیسلامی شیعی، لە ئایندەی دەستخستنی چەکی ئەتۆمیدا ئەو دەوڵەتانە زیاتر دەکەونە بەر دەم خۆگیفکردنەوەی حکومەتی ئێران.

دووەم :- زیاد بوونی داخوازی کەمایەتی شیعەی ئەو دەوڵەتانە پاش سەرکەوتنیان لە عێراق:

سەرکەوتنی شیعەکان لە عیراق نەک تەنها شیعەکانی لوبنان و یەمەن و پاکستان بەڵکو شیعەکانی کەنداویشی بە ئاگا هێنا، ئێستا دەوڵەتانی کەنداو بە تایبەت سعودیە و بەحرەین زۆر لە کەمەیاتی شیعەکانی خۆیان دەترسن چونکە ئەو دەوڵەتانە پێیان وایە کە پاش سەرکەوتنی شیعەکان لە عێراقدا داخوازی کەمایەتی شیعەکانی خۆیان بەرەو سەرەوە هەڵکشاوە، وێرای ئەوەش نیگەرانی ئەوەن کە لە ئایندەی چەسپاندن و بەهێز بوونی دەسەڵاتی شیعە لە عێراقدا ئەو کەمایەتیانە زیاتر دەبنە هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەو دەوڵەتانە..

سێهەم: ترس لە گواستنەوەی شەڕی ناوخۆی عێراق بۆ نێو ئەو دەوڵەتانە:

ترسێکی دیکەی ئەو دەوڵەتانە لەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەم شەڕی دژ بە ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی هەم شەڕی نێوان شیعەو سونەی عێراق بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆ ناوخۆی ئەو دەوڵەتانە بگوێزرێتەوە، پێدەچێت کە هەندێک لەو موجاهیدە کەنداویانەی لە شەڕی عێراقدا دژ بە ئەمەریکا بەشدار بوون ئێستا بە شارەزاییەکی زۆرترەوە بۆ دەوڵەتەکانی خۆیان گەڕابێتنەوە ، رق و کینەی ئەو جەنگاوەرانە لە ئەمەیکاو هاوپەیمانەکانی و لە شیعەکان وادەکات کە لە ئایندەدا بارودۆخی ئاسایش لەو دەوڵەتانە بکەوێتە بەر هەڕەشە...

**چڕ بونەوەی کەوانەی شیعەو دابەش بوونی جوگرافی شیعە لەنێو دەوڵەتانی عەرەبدا:**

بوونی کەمایەتی نەتەوەیی یاخود کەمایەتی ئایینی و ئاینزاکان باشترین شێوازن بۆ هەر دەوڵەت و لایەنێک کە لەکاتی پێوستدا وەک کارت بتوانێت ئەم کەمایەتیانە وەگەڕخات، ئێران لە کێشەکانی

ئایندەی خۆیدا لەگەڵ ئەمەریکا و ئەوروپاو تەنانەت دەوڵەتانی سونەی عەرەبیشدا سودێکی زۆر گەورە لە بوونی کەمایەتی شیعە وەردەگرێت لەو ناوچانە، خۆ ئەگەر چاوێک بە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا پاش شۆڕشی ئیسلامی خومەینی بخشێنین ئەوە زۆر باش بۆمان ئاشکرا دەبێت کە ئێران زۆر باش لە نێو تەواوی شیعەکانی دەرەوەی سنوری ئێران کاری کردووە، پەلکێشکردنی شیعەکانی ئەفگانستان و لوبنان و عێراق بۆ نێو هاوکێشەی شیعەگەرایی خۆی نمونەی زیندووی ئەم کارانەی ئێرانن.

دەتوانین رابوونی شیعە بە دوو قۆناغدا و بەسەر دوو کات و روداوی جیاوازدا لێکدەینەوە کە ئەوانیش بریتین لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بەڕابەری ئایەتوڵا خومەینی و پاشان سەکەوتن یاخود لەبن دەست دەرهاتنی شیعەکانی عێراق پاش جەنگی ئازادی عێراق لە لایەن ئەمەریکاوە لە ساڵی 2003 ، لە هەردوو ئەم قۆناغەدا شیعەکانی ناوچەکە گۆرانکاری زۆریان بەسەردا هاتووە، بەڵام ئامانجە لە مێژینەکەی هەناردنی شۆڕش وەک خۆی ماوە..

سەرەتا بابزانین شیعەکانی نێو دنیای عەرەب لە روی هەڵکەوتەی دیموگرافیایی و سیاسی و ئابوری چۆن دابەش بوون :

**بەحرەین:**

ژمارەی دانشتوانی بەحرەین 688.345 دەبێت ئەم رێژەی دانشتوانە بەم جۆرەی خوارەوە دابەش بووە: 45% عەرەبی شیعە، 45% عەرەبی سونە، 8% هاوڵاتی لە بنەڕەتی ئێرانی کە ئەمانیش نیوە زیاتریان شیعەن، بەم جۆرە بە عەرەب و ئێرانیەکانەوە رێژەی شیعە لە بەحرەین دەگاتە 52%

هەندێک سەرچاوەی دیکەی وەک راپۆرتی ئیبن خەلدون و ( ویکیپیدیا) رێژەی شیعەکان بە 70% دەخەمڵێنن.

لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشە ئیسلامیەکەی خومەینی شیعەکانی بەحرەین یەکەم رێکخراوی خۆیان بەناوی (بەرەی ئیسلامی رزگاری بەحرەین) و پاشان ( پارتی خودای بەحرەین) هاوشێوەی پارتی خودای لوبنان پێکهێنا، لە هەموو ئەم بزوتنەوانەدا ئێران رۆلی سەرەکی بینیوە تا کار گەیشتە ئەوەی ساڵی 1994 لە بەحرەین روداوی زۆر سیاسی گەورە لە نێوان شیعەکان و دەوڵەتدا سەرهەڵبدات.

ساڵی 1999 پاش ئەوەی شێخ حەمەد بن عیسا هاتە سەر تەختی شاهانە شیعەکانی بەحرەین زۆر دەستکەوتی سیاسیان بەدەست هێنا و لە سەردەمی ئەمڕۆشماندا لە پاش هەڵبژاردنەکانی رۆژی 25-11-2006 لە کۆی 40 کورسی شیعەکان (17 ) کورسیان بەدەست هێناوە..

کێشەی نێوان بەحرەین و ئێران زۆر کۆنە، وێرای ئەوەی ئێران بەحرەین و تەواوی وڵاتانی سەر کەنداوی فارس بە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی ئێران دەناسێت، بوونی ژمارەیەکی زۆری شیعەش لەو وڵاتەدا وادەکات کە ئێران هەمیشە چاوی لەسەری بێت، بۆیە ئێران هەمیشە هەوڵی داوە بەهۆی درێژبونەوەی ئاینزایی خۆیەوە لەو وڵاتە بتوانێت هەڕەشەیەکی درێژ خایەن بێت بۆ سەر ئاسایشی نیشتیمانی ئەو وڵاتە.

**کوێت:**

ژمارەی دانشتوانی کوێت 3 ملیۆن 200 هەزار کەس دەبێت، لەم ژمارەی رێژەی 20% ی دانشتوانەکەی شیعەن، نیوەی رێژەی شیعەکانی کوێت لە بنەڕەتدا عەرەبن و نیوەکەی دیکەشی بنەڕەتی ئێرانییان هەیە کە بە درێژایی مێژوو لە کوێتدا نیشتەجێ بوون.

شیعەکانی کوێت لە پارلەمان و حکومەتدا نوێنەریان هەیە و لە هەڵبژرادنەکانی ساڵی 2003 دا بە یەک وەزیر لە حکومەتدا بەشدار بوون،

شیعەکانی کویێت دوو ڕێکخراوی سیاسیان هەیە کە بریتین لە ( هاوپەیمانی ئیسلامی نیشتیمانی و بزوتنەوەی لایەنگرانی ئازادی) کە هەردووکیان پەیڕەوی مەرجەعیەتی شیعەی ئێران دەکەن.
لە جەنگی عێراق و ئێراندا لەبەر ئەوەی کویێت لایەنگری عێراقی دەکرد، دەوڵەتی ئێران کارتی شیعەکانی لە کوێتدا دژی حکومەت بەکار دەهێنا ئەوە بوو ساڵی 1983 هەستان بە تەقاندنەوەی چەند باڵوێزخانەیەکی بێگانە و ساڵی 1985 یش هەوڵی ترۆر کردنی میری کوێتیاندا، وێرای فڕاندنی چەند فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانی کوێت..
پاش پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق هاوتای شیعەکانی دیکەی ناوچەکە، شیعەکانی کوێتیش ڕابونێکی بەرچاو بەخۆوە دەبینن..
**سعودیە:**
ژمارەی دانشتوانی سعودیە 27 ملیۆن کەس دەبێت، لەبەر ئەوەی ڕژێمی سعودیە قورئان و سونەی کردۆتە دەستوری خۆی و ڕژێمێکی زۆر داخراوە تا ئێستا ڕێژەی شیعە لەو وڵاتەدا بە ئاشکرا نەزانراوە چەندە، بەڵام بەپێ ی زۆربەی سەرچاوەکان ڕێژەیان لە نێوان 7%–8 دەبێت..
ڕژێمی سعودیە بەهۆی بوونی مەزاری پەیامبەری موسڵمانان و مەکەو مەدینەی پیرۆزەوە بە دەمڕاست و قەڵای سونەکانی دنیا ناسراوە، لەبەر ئەوە شتێکی زۆر ئاسایی دەبێت کە ئێران هەرگیر لەگەڵ ئەم ڕژێمە دانوی نەکوڵێت، بەهاتنە سەرکاری ئایەتوڵا خومەینی یەکەم قۆناغی ڕابوونی شیعەکانی سعودیە دەستی پێکرد، ئەویش بە ئەنجامدانی چەندین خۆپشاندان و ڕاپەڕینی خوێناوی کە گرنگترینیان ڕاپەڕینی ( قەتیف و سەیهات ) بوو لە ساڵی 1979 بەبۆنەی ڕۆژی ( عاشورا)وە...
شیعەکانی سعودیە هەمیشە خۆیان لە بەرامبەر ڕژێمی دەوڵەتەکەی خۆیاندا دیوەتەوەو هەمیشەش خۆیان بە هاوڵاتی پلە دووەم بینیوە، بەڵام پاش سەرکەوتن و ڕابونی شیعەکانی عێراق ئەوانیش هیواکانیان بوژایەو ڕاستەوخۆ پاش ڕوخاندنی ڕژێمی سەدام حسێن 450 کەسایەتی شیعەی سعودیە لە نامەیەکی فەرمیدا بۆ شازادەی وڵات عەبدولای کوڕی عەبدولعەزیز ڕەوانەکرد و داوایان لێکرد کە بارودۆخی سیاسیان چاک بکات و لە ئەنجومەنی نوێنەراندا ڕێژەیان زیادکەن و لە هێڵەکانی دبلۆماسی و سەربازی و سیاسیدا ماوەی زیاتریان بۆ برەخسێنرێت..
بەهەمان شێوە لە دەوڵەتەکانی دیکەی عەرەبیدا ڕێژەی کەم تا زۆر شیعە هەنە بۆ نمونە لە ئیمارات 16% ، لە قەتەر 10% ، لە لوبنان 30% و ڕێژەیەکی کەمتریش لە ئەردەن و لە میسرو سوڵتان نشینی عومان بەرچاو دەکەون...
ڕەوشی شیعەگەرایی لە هەر یەکە لەو وڵاتانەی کە ناومان بردن چەند خاڵێکی سەرنج ڕاکێش و هاوبەشی تیادا بە دی دەکرێت کە گرنگیرینیان ئەم خاڵانەن:
/ لە تەواوی ئەو دەوڵەتانەدا باڵی شیعەگەرایی بە سەرپەرشتی ڕاستەو خۆ و ناڕاستەوخۆی ئێران زۆر لە هەوڵی ئەوەدان کە خەڵکانی موسڵمانی ئاینزای سونە وەرگێڕنە سەر ئاینزای شیعە بەم کارەشیان چەند دەستکەوتێک بەدەست دێنن لەوانەش زیاد کردنی ژمارەی شیعە و بەدەستهێنانی دەنگی خەڵکانێکی ئەکتیف و چالاک کە تادوێنی سونە بوون، بۆ نمونە لە فەلەستین و لوبناندا لەم کارەیاندا زۆر سەرکەوتنی باشیان بەدەستهێناوە و توانیویانە چەندین کەسانی نێو ڕێکخراوی حەماس و جیهادی ئیسلامی کە لە ئاستەکانی بڕیاردان وەرگێڕنە سەر شیعە کە ئەمەش بۆخۆی کارتێکی بەهێز دەبێت لە داهاتودا بەرامبەر بە ئیسرائیل و بەرامبەر بە هێزەکانی دیکەی نێو ئەو گۆڕەپانانە..
/ لە زۆر بەی ئەو ناوچانەدا لە ڕێگای ئێرانەوە شیعەکان دەستیان کردووە بە گۆڕینی دیموگرافیای چەندین ناوچە هەروەک لە لوبناندا کە ئێستا شاڵاوی بە شیعەکردنی بەشێکی بەیروت دەستی پێکردووە، وێرای ئەوەش لە بەحرەین گەورەترین شاڵاوی خانوبەرەو زارکڕین
بەڕێوە دەبرێن..

/ لەزۆربەی ئەو ناوچانەدا لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا باڵی حزبوڵایی و سەربە ئێران خۆیان دەخەنە نێو گۆڕەپانی سیاسی و پشت ئەستور بەو پارەیەی کە ئێران لە ئاکامی بەرز بوونەوەی نرخی نەوتدا دەستی دەکەوێت و بەوانی دەبەخشێت خۆیان دەکەنە نوێنەری خەڵک و بەشی خۆیان کورسی پارلەمان بەدەست دێنن و هەرکاتێک ئێران فەرمانیان بداتێ ئەوە دەتوانن نەک لە بڕیاری سیاسیدا بەڵکو هەڕەشەش بن بۆ هەڵوەشاندنەوەی حکومەت هەروەک لە بەحرەین و لوبنان و کوێت دیاردەکەوێت..

**پێگەی شیعە لە عێراق و باشوری کوردستان:**

لەبەر ئەوەی بە درێژایی مێژوی هاوچەرخی عێراق، شیعەکان هاوتای کورد لە بن دەستدا بوون سەرژمێرەیەکی تەواوی شیعە لە عێراقدا بەدەست ناکەوێت، زانینی ژمارەی دانشتوانی رەگەزێک یان تایفەو ئاینزایەک گرنگیەکەی لەوەدایە کە کاریگەری ئەو تایفەیە لەسەر هاوکێشە سیاسی و ستراتیژیەکان لەلایەک و سەنگ و قورساییان لەسەر کۆی گشتی دانشتوانانی دیکەی وڵات دیاری دەکات وێرای ئەوەش زانینی ئەو ژمارەیە، هەمەرەنگ بوون و زۆر بوونی کارتەکانی یاری کردنی سیاسی بەدەست ئەو لایەنەوە دیاری دەکات، بۆ نمونە لە حاڵەتی عێراقدا بوونی زۆرینەی شیعە لە چەندین لایەنەوە کاریگەری هەیە لەوانە:

- کاریگەری لەسەر بڕیارە ستراتیژیەکانی ناوخۆ.
- کاریگەری لەسەر جوگرافیای سیاسی ناوچەکە.
- کاریگەری لەسەر ئابوری ناوخۆو دەرەوە.
- کاریگەری لەسەر ناوچەکەو دەوڵەتانی دراوسێ.

یەکێک لەو سەرچاوانەی کە دەکرێت وەک بێ لایەن چاوی لێبکرێت بریتیە لەو سەرژمێرەی کە کۆردیناتۆری مرۆیی عێراق ساڵی 1997 بۆ سەرپەرشتی کردنی ئازوقەی مرۆیی لە عێراقدا پشتی پێدەبەست (Humanitarian Coordinator for Iraq ) ئەم رێکخراوە ژمارەی دانشتوانی عێراق ( بەهەرێمی کوردستانیشەوە) بە 22046244 دەخەمڵێنێت، هەروەها لە لێکدانەوەکانی خۆیدا بەو پێ یەی کە پارێزگاکانی باکورو خۆرئاوای بەغداد سەربە ئاینزای سونەن و باشورو رۆژهەڵاتیشی شیعەن رێژەی سونەی بە زیاتر لە شیعە تۆمارکردووە، بەڵام هەڵەی ئەم تۆمارکردنە ئەوەیە کە ئەو رێکخراوە بە خەمڵاندنی زیادبوونی ژمارەی دانشتوان هەتا ساڵی 2006 خۆی رێژەکانی بە شێوەیەکی لۆژیک نەک ( واقعی ) داناوە بەم جۆرە ژمارەی سونە بە 819 هەزارو 950 زیاتر لە شیعە دادەنێت، وێرای ئەوەش هەڵەیەکی دیکەی ئەم هەژماردنە ئەوەیە کە کوردی لەپاڵ عەرەبی سونەدا تۆمار کردووە کە ئەم هەڵەیەکی زۆر گەورەی سیاسی لێدەکەوێتەوە چونکە هەتا ئێستا پارتە سیاسیەکانی کورد کە بەشداری پرۆسەی سیاسی عێراق دەکەن هەرگیز لە سەر بنەڕەتی سونە بوون سیاسەت ناکەن بەڵکو لەسەر بنەڕەتی کورد بوون کار بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتیەکانی کورد دەکەن نەک مافی ئاینی و ئاینزایی..

سەرچاوەیەکی دیکەی سەرژمێرە بریتیە لە راپۆرتی ساڵانەی دەزگای سەرژمێرەی عێراق، ئەم راپۆرتە رێژەی سونەکانی عێراق ( بەکوردیشەوە) بە 53% دادەنێت و رێژەی شیعەکان و کەمینە ئاینزانکانی دیکە بە 47% دادەنێت، ئەگەر رێژەی فەلەکانی عێراق بە 2% تۆمار بکرێت ئەوە رێژەی شیعەکان بە پێ ی ئەم راپۆرتە 45% تێپەڕ ناکات...

بەهەر حاڵ رەنگە زۆربەی سەرچاوەکان کۆک بن لەسەر ئەوەی کە نزیکەی 55% ی عێراق( یاخود زیاتر) شیعە بن کە لە باشوری وڵات و فوراتی ناوەڕاست و بەغداد کۆبونەتەوە.

بەڵام ئەوەی باری سونەکانی لاسەنگ کردووە ئەوەیە کە ئەگەر رێژەشیان لە نیو زیاتر بێت ئەوە دیسانەوە هەر دەبنەوە کەمینە لەبەر ئەوەی نیوەی ئەو رێژەیە کوردن و کوردیش هەروەک لە سەرەتادا

ئاماژەمان پێدا لە سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عێراقەوە کێشەی نەتەوەیی هەیە نەک کێشەی ئاینی...

ئەم راستیانە وادەکەن کە شیعە هەمیشە لە عێراقدا زۆرینە بێت، ئەوەش وادەکات کە پێگەی شیعە لە عێراقدا پێگەیەکی ستراتیژی و گرنگ بێت.

خاڵێکی دیکەی گرنگ لەم لێکولینەوەیەدا ئەوەیە کە رێژەیەکی بەرچاوی کوردەکانیش سەر بە ئاینزای شیعەن، هەرچەندە ئەم خاڵە هەتا ئێستا بە خاڵی لاوازی نەتەوەی کورد هەژمار نەکراوە بەڵام دەکرێت بە خاڵیکی بەهێزی شیعەی لە عێراقدا ناو بەرین بەڵگەی ئەم وتەیەش بونی چەند رێکخراوێکی کوردی شیعەن لە ناو ریزەکانی ( هاوبەندی شیعە ) ، ژمارەی شیعەکوردەکانی باشوری کوردستان تا ئێستا نەزانراوە چەندە، بەڵام ئەگەر بە رێژەی دانشتوان لێکدانەوەیەکی بۆ بکەین ئەوە زۆر باش دەزانین کە هاوڵاتیانی کوردی ناوچەکانی خانەقی و جەلەولاو باقوبەو

مەنەلی و بەدرەو جەسان و تەواوی گوند و ئەو ناوچانەی دەکەونە نێو ئەو سنورانە سەر بە ئاینزای شیعەن ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لانی کەمی 5% ی هاوڵاتیانی باشوری کوردستان شیعەن ئەم رێژەیەش بۆ خۆی رێژەیەکە هەرگیز ناکرێت پشتگوێ بخرێت...

بە پێچەوانەی کوردەوە دابەش بوونی تورکمانەکان بە سەر سونەو شیعەدا بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو ژمارە کەمەی تورکمانەکانی عێراق دیسانەوە دابەشی دوو بکاتەوە کە ئەمەش خاڵێکی زۆر لاوازی تورکمانەکانی عێراقە..

شیعەکانی عێراق لە چەند دامەزراوەیەکی ئاینی و کۆمەڵایەتی و چەندین پارتی سیاسیدا خۆیان رێکخستووە کە لە خوارەوە بە کورتی باسیان دەکەین:

**حەوزەی عیلمی و مەرجەعی ئاینی/**

شاری نەجەف تەنها ئەو دەمە بەهایەکی پیرۆزی بەدەست هێنا کە بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بوو تەرمی ئیمامی عەلی لەو شوێنەدا نێژراوە، سەرەتا جگە لە یارەوەرەکانی هیچ کەس نەیدەزانی تەرمەکە لە کوێدا نێژراوە بەڵام ساڵی 768 کە ئەم راستیە ئاشکرا بوو ئیتر نەجەف بوو بە قیبلەگای یارەوەرەکانی، ساڵی 1056 کە شێخ ئەبو جەعفەر ئەلتوسی لە نەجەف نیشتەجێ بوو ئیدی ئەو شارە بوو بە هەوارگەی خوێندنی زانستە ئاینیەکان، نەجەف بەم جۆرە بەردەوام شوێنی بایەخی پیاوانی ئایینی شیعە بوو هەتا هاتنە سەر کاری بەعسیەکان بەتایبەت سەدام حسێن ئیتر باری شیعەکان کەوتە لێژی، هەڵئایسانی جەنگی نێوان عێراق و ئێرانیش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی شیعەکانی عێراق زیاتر بکەونە ژێر چەوساندنەوەی بەعسیەکانەوە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە حەوزەکانی ( قوم و رەی ) بەهایان زیاتر بێت بە تایبەت کە شۆڕشی ئیسلامی شیعەکان تازە لە ئێراندا سەرکەوتبوو.

پاش روخانی رژێمی بەعسی لە عێراق حەوزەی عیلمی نەجەف زۆر بە توندی خۆی سەپاندەوە بەسەر گۆڕەپانی سیاسی و ئاینی و رۆحی زۆربەی شیعەکانی دنیا، هەر لەبەر ئەم پیرۆزیەش ساڵانە سەدان هەزار شیعە لە تەواوی دنیاوە روو دەکەن ئەو شارە پیرۆزەو وێنەی (حەج ) سەردانی مەزارە پیرۆزەکانی شیعە دەکەن..

حەوزەی عیلمی ئەمڕۆ لە لایەن مەرجەعی سەرەکی شیعەکانەوە ئایەتوڵا عەلی سیستانی بەڕێوە دەبرێت، سیستانی پاش ئایەتوڵا خوئی بوو بە مەرجەعی باڵای شیعەکان پاش ئەوەی دووەم لە ساڵی 1992 دا کۆچی دوایی کرد..

حەوزەی عیلمی و مەرجەعە ئاینیەکانی شیعە لە نەجەف لە کۆمەڵێک خاڵدا دەتوانن رۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆحی خۆیان بگێرن کە ئەم خاڵانەش گرنگترینیانە:

- پیرۆزی شاری نەجەف بوونی مەزاری پیرۆزی ئیمام و پیاوچاکانی شیعە وایکردووە کە ئەو شارە بایەخێکی یەکجار گرنگی لای تەواوی شیعەکانی دنیا هەبێت و پێگەیەکی گرنگی بداتێ.

- خۆ بەستنەوەی تەواوی شیعەکانی عێراق و بەشێکی زۆریش لە شیعەکانی دنیا بە بڕیارو لێکدانەوەی مەرجەعە ئاینیەکان وایکردووە کە لە زۆر حاڵەتدا وتەی دوایی بەدەست ئەو مەرجەعانە بێت کە ئەمەش بۆ خۆی وادەکات دیسان پێگەی ئەو شوێنە زۆر گرنگ بێت..
- لە روی ئابورییەوە شیعەکان ساڵانە یەک/ پێنجی داهاتی خۆیان( خومس ) دەبخشنە ئەو مەرجەعە ئاینیانە، ئەمەش وادەکات حەوزە خۆی خاوەنی داهاتی بێشوماری خۆی بێت و بەو جۆرە مامەڵەی پێوە بکات کە خۆی پەسەندی دەکات، وێرای ئەوەش بەشێکی زۆر لە ئیمامەکان پاش مردنیان سەروەت و سامانی خۆیان وەک ( وەقفی ئاینی ) دەبەخشنە ئەو حەوزانە..

خاڵی لاوازی ئەم حەوزەیە لەوەدایە کە چەندین مەرجەعی ئاینی شیعە لە خۆ دەگرێت ئەمەش بۆتە هۆی دابەش بوونی شیعەکان بەسەر چەندین خێزان و کەسایەتی پیرۆزەوە لەوانەش خێزانی حەکیم و خێزانی سەدر و خوئی و هتد ... بە هێندی ئەو دابەش بوونە لایەنگری شیعەکانیش لە کەسایەتی و گوێڕایەڵ بوونیان دابەش دەبێت.

لەبەر ئەم خاڵە لاوازەش دەبینین کە لە عێراق و تەنانەت لە تەواوی دنیای شیعەدا چەندین ئیمامی جیاواز بە بۆچونی سیاسی و ئاینی جیاوازەوە هەیە، زۆر جاریش رویداوە کە بە ئاشکراو نهێنی بە گژ یەکتردا چونەتەوە هەروەک چۆن ساڵی 2003 عەبدول مەجید خوئی کوڕی ئەبوقاسم خوئی لە نەجەف بەدەستی پیاوانی موقتەدا سەرد درایە بەر چەقۆ و کوژرا..

ئەم دابەش بوون و دووکەرت بوونەش وایکردووە چەندین پارت و رێکخراوی جیاوازی شیعە هەبن کە ئەمانەی خوارەوەش گرنگیرینیانە:

ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق:

پارتی بانگەواز( دەعوە) ی ئیسلامی:

پارتی کاری ئیسلامی:

پارتی فەزیلە:

رەوتی سەدر:

زۆربەی ئەو پارتە شیعانە لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا لەژێر یەک لیستەدا کۆبونەوەو زۆرینەی پەرلەمانیان پیکهێناو ئێستاش حکومەتی عێراقی لە لیستی ئەوان پێکهاتووە.

**کاریگەری ئێران لەسەر شیعەکانی عێراق:**

هەروەک لە سەرەتادا باسمان کرد رەوشی شیعەگەرایی لە تەواوی ئەو ناوچانەی کە کەمینە یاخود زۆرینەی شیعەی تیادا بەدی دەکرێت لەلایەن ئێرانەوە راستەوخۆ یاخود ناراستەوخۆ کاری تێدا دەکرێت ئەم خاڵە لە عێراقدا بەشێوەیەکی زیاتر بەرجەستە دەکرێن ئەویش تەنها لەبەر ئەوە نی یە کە شیعە لە باشوری عێراقدا زۆرینەن و لە دەسەڵاتی ئەمڕۆی عێراقدا خاوەنی بڕیارن بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە دوو زلهێزی جیهانی دژ بە ئێرانی وەک ( ئەمەریکا و بەریتانیا) لە ناوچەکەدا بونیان هەیە، ئەمەش هانی ئێران دەدات کە راستەوخۆ لە رێگای پارت و رێکخراوە شیعەکانەوە کارتەکانی خۆی زیرەکانە وەگەڕبخات...

کۆماری ئیسلامی لەم بوارەدا خاوەنی تاقیکردنەوەیەکی زۆر دەوڵەمەندە، تاقیکردنەوەکانی لەگەڵ شیعەی هەزارەی ئەفگانستان، لەگەڵ شیعەکانی بەحرەین و سعودیە و لوبنان و تەنانەت کوێت، شارەزاییەکی ئەوتۆ باشی بەو وڵاتە داوە کە زۆر جار پێش روداوەکان و گۆڕانکاریە سیاسیەکان ئامادەکاری خۆیان بۆ سازداوە.

له زۆربەی ئەو دەڤەرانەی کە ئێران رۆڵی سیاسی و دبلۆماسی و جاسوسی تێدا هەیە هەمیشە ئێران لەسەر چەندین پەت لەگۆڕەپانەکەدا یاری کردووە، لەمەڕ شیعەکانی عێراقیشەوە هەمان سیاسەتی پیادە کردووە.

ئێران لەگەڵ هەریەکە لەو پارت و گروپ و مەرجەعە رۆحیانەی عێراقدا پەیوەندیەکی جیاوازی هەیە، هەریەکەشیان بە جۆرێکی تایبەت بەکار دێنێت، مێژوی پەیوەندیەکانی ئێران و پارتی بانگەواز و ئەنجومەنی بالا بە شێوەیەکی گشتی و بەرچاو پاش ساڵی 1979 پەرەی سەندووە، بەڵام پەیوەندی لەگەڵ گروپەکانی دیکەی وەک باڵی سەدر پاش روخانی رژێمی سەدام حسێن پەرەی سەندووە.

دەکرێت بە گشتی سیاسەتی ئێران لەگەڵ ئەو هێزانەدا بەم جۆرە شرۆڤە بکەین:

- ئێران هەمیشە هەوڵی داوە پەیوەندی باشی لەگەڵ گروپە بچوک و گەورەکانی شیعەدا هەبێت و سود لە توانای هەریەکە لەو هێزانە ببینێت.
- پەیوەندیەکانی ئێران لەگەڵ هەریەکە لەو هێزانەدا پەیوەندیەکی تایبەت بووە، واتە بە هەمان شێوازو هەمان تاکتیک پەیوەندیەکانی خۆی بەڕێوە نەبردوون بۆ نمونە هەنێک لەو هێزانەی وەک سەرچاوەی بەسودی زانیاری و تێکدان بەکار هێناوە بەڵام هەندێکی دیکەی وەک ئەنجومەنی باڵای شورشی ئیسلامی وەک هێزی سەربازی و هێرشبەر بەکار هێناوە.
- ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش لە ناوخۆی عێراقدا زۆر جار مەرجێک بووە بۆ سەوداکرن و پێشکەش کردنی هەر جۆرە هاوکاریەک بەو هێزە شیعانە تەنانەت لەگەڵ هێزە کوردیەکانیشدا هەمان سیاسەتی پیادە کردووە لەمەڕ زەبر وەشاندن لە حزبی دیموکرات و کۆمەڵەو گروپە بەرهەڵستکارەکانی دیکە، لە کاتی شەڕی ناوخۆی کوردستانیشدا حکومەتی ئیسلامی ئێران هەرکاتێک هەستی بەوە بکردبا کە هێزێک لەو هێزانە لاواز بووەو بەرگەی بەرامبەرەکەی ناگرێت ئەوە راستەو خۆ لە سوچێکی سنورەوە پرچەکی دەکردنەوەو رەوانەی شەڕی ئەمدیوی دەکردنەوە، کە کارەساتی 31 ئاب رەنگە تاڵترین ئەو سیاسەتانەی ئێران بێت کەبەسەر کوردیدا هێناوە...
- ئێران هەمیشە هەوڵی داوە لە پەیڕەو کردنی سیاسەتی خۆیدا لە ناو هەمان گۆڕەپانی سیاسیدا بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی خۆی زیاتر لە رۆڵێک بە شیعەکان بدات بۆ نمونە لە عێراقدا گروپەکانی وەک ئەنجومەنی باڵاو پارتی بانگەواز وەک هێزی میان رەو بەکاردێنێت، کەچی لەملاشەوە چەکدارەکانی سەدر تۆکمە دەکات و دامەزراویان دەکات و وەک هێزێکی ئامادە و زەبروەشێن و توند رەو بەکاریان دێنێت.
- ئێران وێرای ئەم سیاسەتانە هەمیشە کۆمپانیاکان و رۆژنامەکان و رێکخراوە خێرخوازەکانی خۆی وەک درێژکراوەی سیاسەتی خۆی بەکارهێناوە نمونەی ئەمەش بریتیە لەو هاوکاریانەی کە مانگی سوری ئێرانی دابەشیان دەکات.

- لە گەمە هەرێمیەکانیشدا ئێران هەمیشە تا دووا سنور توانیویەتی کارتی شیعەکان و ئۆپۆزیسیۆن لە بەرژەوەندی خۆیدا بەکار بهێنێت بۆ نمونە لەبەرامبەر تورکیادا توانیویەتی تورکمانە شیعەکان بخاتە نێو بازنەی سیاسەتەکانی خۆیەوە، لەبەرامبەر سعودیەو ئەردەنیش هاوپشتی کردنی شیعەکانی عێراق و بەکارهێنیان لە دژی ئەو دەوڵەتانە بۆ خۆی هەڕەشەیەکی گەورەیە لە ئاسایشی نیشتیمانی ئەو دەوڵەتانە.

ورده بوونەوە لەو سیاسەتانەی ئێران لە باشوری شیعە نشینی عێراقدا ئەوەمان بۆ رون دەکاتەوە کە بۆچی باڵێکی شیعە بە رابەری موقتەدا سەدر زۆر توندڕەوانە رەفتار دەکات و شەڕ لە دژی ئەمەیکاو

بەریتانیا هەڵدەگیرسێنێت و هەر کاتێکیش ئامانجەکانی خۆی تەواوکرد بە فەتوایەکی سیستانی شەڕەکە کۆتایی پێدێت، یاخود بۆچی لە ناوحکومەتی عێراقدا باڵی ئەلحەکیم و پارتی بانگەواز پرۆسەیەکی سیاسی هێمنانە بەڕێوە دەبەن و لەملاشەوە بالی سەدر سیاسەتێکی توند ڕەوانە بەڕێوە دەبن..

سیناریۆکانی داهاتوی عێراق یەکێکە لەو ئەجندا گرنگانەی کە ئێران زۆر بە وردی کاری بۆ دەکات.. هەرچەندە راپۆرتەکەی ( بیکەر- هاملتۆن) رۆژی 6-12-2006 ئاشکرا کرا، بەڵام هەروەک لە راپۆرتەکەدا هاتووە هیچ کەس گۆچانی سیحری پێنیە کە عێراق لەو تەنگەشەیە رزگار بکات، وێرای ئەوەی ئەو راپۆرتە 79 خاڵ راوێژی پێشکەش بە حکومەتی ئەمەریکا کردووە بەڵام حکومەتی ئەمەریکا ئەو راپۆرتە تەنها وەک راپۆرت و ئامۆژگاری سەیر دەکات و لە رووی یاساییەوە پابەندی جێبەجێکردنی هیچ کام لەو خاڵانە نابێت، لەبەر ئەوە ئەگەرە دەرگاکان لەبەردەم هەموو ئەگەرەکاندا ئاوەڵان...

چاودێرانی سیاسی ئەمڕۆ سێ سیناریۆی سەرەکی لەبەردەم پاشەرۆژی عێراقدا تاوتوێ دەکەن کە ئەویش ئەمانەی خوارەوەیە:-

**سیناریۆی یەکەم پاشەکشەکردن لە عێراق:**

لە راستیدا گرفتی سەرەکی ئەمڕۆی عێراق لە نێو خودی عێراقیەکان خۆیاندایە، ئەوان خۆیان بەردەبنە یەکتر و مزگەوت و ماڵ و گەڕەکی یەکتر دەتەقێننەوەو یەکتر سەردەبڕن، خۆیان ئامادە نین بێنە ژێر باری ئەوەی کە حکومەتی سەنتراڵ لە عێرقدا سەردەمی بەسەر چووە، لە بارودۆخی ئەمڕۆی عێراقدا بە خەیاڵی هیچ کەسێکدا نایەت کە لایەنە عێراقیەکان بتوانن لە نێو خۆیاندا بگەنە پێکهاتنێکی سیاسی خۆ ئەگەر لە ناوچەی سەوزیشەوە سیاسەت مەدارە دابڕاوەکان لە نێو خۆیاندا تا ڕادەیەک پێک بێن ئەوە زۆر ئەستەمە کە بنکەکانی خوارەوەی خۆیان دامرکێننەوەو بە پێکەوە ژیان قایلیان بکەن، ئەمڕۆ هەست بەوەش دەکرێت کە خودی میلیشیاکانی ئەو پارت و رێکخراوانەی ناو حکومەتی عێراق بە تەواوی لەژێر رکێفی سەرکردەکانیاندا نین بەڵکو هەر گروپەو لەلایەکەوە بۆخۆی حکومەتێکی پێکهێناوەو لە ناوچەیەکدا دەسەڵاتی خۆی سەپاندووە..

لە نێو نارودۆخێکی ئاوادا مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا جگە لە کوژرانی سەربازێکی زۆرو سەرف کردنی پارەیەکی زۆر هیچ ئەنجامێکی بۆ ئەمەریکا لێ سەوز نابێت بۆیە رەنگە ئەمەریکا لە ئەگەری هەڵبژاردنی ئەم ئەڵتەرناتیفەدا لە ماوەی ساڵێک یان 18 مانگ هێزەکانی خۆیان لە عێراقدا پاشەکشە پێبکەن، بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئەم هەنگاوە بۆ ئەمەریکا نەک هەر دۆڕان و حەیا چونە بەڵکو شکستێکی زۆر گەورەش دەبێت کە زۆر زەحمەتە هیچ لایەنێکی ئەمەریکی بتوانێت خۆی لە قەرە بدات..

هەرچی عێراقیشە ئەوە دەبێتە گۆڕەپانی شەڕێکی ناوخۆی زۆر گەورە کە هیچ کەس ناتوانێت پێشبینی ئاکامەکانی بکات، شەڕێک کە تیایدا پاکتاوکردنی رەگەزی و کوشتنێکی زۆر لەسەر شوناس رودەدات هەرچەندە لە ئاکامیشدا رەنگە ئەم شەڕە بتوانێت خۆی ئۆتۆماتیک رۆژێک لە رۆژان لایەنەکان ماندوو بکات و ئارامی بگەڕێنێتەوە بۆ ناو عێراق بەڵام دیسان ئەم هۆکارەش زۆر خەتەرناک دەبێت بۆ سەر ئایندەی عێراق لەبەر ئەوەی گروپە توندڕەوە ئیسلامیەکان لە هەر دوو ناوچەی سونەو شیعە دەسەڵات بەدەست دەگرن ئەمەش لەلایەک دەبێتە هۆی بەهێز بوونی شیعەکان و زیاد بوونی مەترسیان ( شانبەشانی ئێران ) بۆ سەر دەوڵەتانی ناوچەکە هەروەک لە سەرەتادا باسمان کرد، لە لایەکی دیکەش ئەو ئیمارەتە ئیسلامیەی هاوتای تالیبان کە لە ناوچە سونەکاندا جاڕی درا دەبێتە راستیەک ئەمەش لایەنە ئیسلامیە توندڕەوەکانی دیکەی دەوڵەتانی سونە مەزهەبی عەرەبی هاندەدات کە کار بۆ دامەزراندنی هەمان ئیمارەتی ئیسلامی لە وڵاتەکانی دیکەی ناوبراودا بکەن..

**سیناریۆی دووەم مانەوەو داڕشتنەوەی پلانێ نوێ:**

لە راستیدا جگە لە کۆماریەکان لایەنێکی دیاری ناو دیموکراتەکانیش لەو باوەڕەدان کە ئەگەر هەڵەکانی سەرۆک بۆش و وەزیری بەرەڤانی دۆناڵد رامسفێلد نەبوایە ئەوا هەرگیز ئەمەریکا بەو رۆژە نەدەگەشت

بۆیە ئەوانە پێیان وایە کە نەچووە بچێت، ئەگەر ئەمەریکا لە عێراقدا پلانی نوێ داڕێژێت ئەوا ڕەنگە بارودۆخەکە بە جۆرێک بکەوێتەوە کە ئەمەریکا بە ئابڕو تکاوی لە عێراقدا نەچێتە دەرەوە بەڵکو دەستکەوتێکی ئەوتۆی هەبێت کە هەر هیچ نەبێت شکست و ئابروچون نەبێت..
ئەم سیناریۆیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە هێزە سەربازەیەکانی ئەمەریکا لە عێراق زیاد بکرێن و هاوشانی هێزەکانی عێراق ئۆپەراسیۆنی سەربازی توند ئەنجام بدرێت و لە ئاکامدا هیمنی و ئاسایش تا ڕادەیەکی زۆر بەدی بێت و پاشان ناوچەکان وردە وردە بدرێنەوە دەست هێزەکانی عیراق بەم جۆرە یەکپارچەیی خاکی عێراق پارێزگاری دەکرێت .
ئەم سیناریۆیە تەنها بە کاری سەربازی بەڕێوە ناچێت بەڵکو هاوشانی ئەو کارە سەربازیانە لەگەڵ تەواوی لایەنە ناکۆکەکان ( تەنانەت لەگەڵ ئێران و سوریاشدا) گفتوگۆ ساز بکرێت بۆ ئەوەی بگەنە دەرئەنجامێک کە تیایدا حکومەتی عێراقی بتوانێت لە ئایندەیەکی نزیکدا خۆی ئاسایشی عێراق بگرێتە دەست و داهاتی نەوتیش یەکسان بەسەر هەموو عێراقدا دابەش بکرێت بەجۆرێک کە هیچ ناوچەیەک بێ بەری نەکرێت لەو داهاتە، هەندێک لە لایەنگرانی ئەم سیناریۆیە بێباکن لەوەی کە دکتاتۆرێکی دیکەی سەربازی وەک سەدام حسێن پەیدا بێت و ئەوسا بە کودەتا یان بە هێزی سەربازی بێت بتوانێت ئارامی بگەڕێنێتەوە بۆ عیراق و داوا لە هێزەکانی ئەمەریکا بکات کە پاشەکەشە بکەن، بەڵام ئەم هەنگاوەش نرخێکی زۆر گەورەی لە ئەمەریکا دەوێت چونکە ئەمەریکا لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی ناوبراودا نەک کێشەی زۆر گەوەرەی هەیە بەڵکو هەموو جۆرە ملکەچیەک بۆ داخوازیەکانیان دەبێتە هۆی هاندانیان بۆ زیادەڕۆیی دیکە، ئەمەش خزمەتی بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا ناکات، وێرای ئەوەش هێنانە سەرکاری کەسێکی دکتاتۆرو ملهوڕ نەک بەڵێنەکانی ئەمەریکا لەمەڕ دیموکراتیزەکردنی عێراق و ناوچەکە بەدرۆ دەخاتەوە بەڵکو راستگۆیی ئەمەریکاش هێندەی دیکە دەخاتە ژێر پرسیار، ئەم هەنگاوە دامەزراوە نویەکانی عێراق وەک پەرلەمان و کارکردن بە دەستور و مافەکانی مرۆڤ هەرهەمووی لەناو دەبات چونکە لە ئەگەری کودەتای سەربازیدا یاخود لە ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی ئێستاو ڕاگەیاندنی حکومەتی فریادرەسی نیشتیمانی و بەڕێوەبردنی یاسای ئیمەرجەنسی– تەواری– تەنها حکومەت و تەنها بڕیاردەر هێزەکانی سوپاو پۆلیس دەبێت کەئەمەش ڕەوشەکە بەرەو ئالۆزتر دەبات...

**سیناریۆی سێهەم دابەشکردنی عێراق بەسەر سێ ناوچەدا:–**

چاوخشانێکی خێرا بە عێراقدا ئەو راستیەدا دەخاتە بەردەم هەمووان کە عێراق خۆی لە بنەڕەتەوە دابەش بووە بەسەر سێ ناوچەدا، ئەم راستیە زۆر لە سیاسەت مەدارەکانی ئەمەریکا تەنانەت دیموکراتەکانی وەک هیلاری کلنتۆن ئاماژەیان بۆ کردووە، لەبەر ئەوە پێدەچێت کە یەکێک لە سیناریۆکانی ئەمەریکا کارکردن بێت بەو ئاراستەیەدا..
پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق دابەش کردنی بەسەر سێ ناوچەی فدرالی شیعە و کورد و سونەدا بە هاوکاری ئەمەریکا وادەکات کە ئەمریکا بە زووترین کات نەک هەر لە گێژاوی عێراقدا رزگاری بێت بەڵکو دەرئەنجامێکی ئەوتۆشی دەستکەوێت کە هەر هیچ نەبێت مایەی شەرمەزاری و شکست نەبێت بۆ ئەمەریکا، ئەم سیناریۆیە باس لەوە دەکات کە ناوچەکان لەلایەن حکومەتە خۆماڵیەکانەوە بەرێوە ببرێن بەو مەرجەی کە بەغداد وەک حکومەتی عێراق سەنترال پارێزگاری خۆی بکات و داهاتەکانی وڵاتیش وەک یەک بە یەکسانی بەسەر ناوچەکاندا دابەش بکرێت، بەڵام زۆرێک لە سیاسەت مەدارانی عێراق و ئەمریکاش ئەم سیناریۆیە بە دور دەزانن چونکە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ بە پراکتیکی دابەشکردنی عێراق دەگەیەنێت وێرای ئەوەش دیاری کردنی سنوری فدرالی ئەو هەرێمانە دیسان دەبێتە هۆی دروست بوونی تەنگەشەی سیاسی لە نێوان پیکهاتە جیاوازەکانی عێراقدا کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دیسان نەوت کردنە بەسەر ئاگری شەڕی تایفەگەریدا...

له راستیدا هەر ئەگەرێک لەو ئەگەرانەی سەرەوە کە باسمان کردن لە عێراقدا روبدات ئەوە بێگومان کارێکی یەکجار زۆر دەکاتە سەر ناوچەکە، زوربەی چاودێرانی سیاسی لەوباوەڕەدان کە عێراقی نوێ پاش روخاندنی دکتاتۆریەت هێشتا دروست نەبووە بەڵکو ئەمڕۆ قسە لەسەر هەڵوەشاندنەوە یاخود سەرلەنوێ دروستکردنەوەی دەکرێت، بەرەی ئێران وشیعەکانیش خۆیان بۆ ئەو سیناریۆیە ئامادەکردووە کە زۆر دەمێکە نەخشەیان بۆ داناوەو کاری بۆ دەکەن ئەویش بریتیە لە هەڵوەشاندنەوەی عێراق، لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی عێراقدا ئێران ئەم دەستکەوتانەی خوارەوەی دەبێت:

یەکەم/ بۆ هەمیشە عێراقی سونەی سەرچاوەی هەڕەشە لەسەر ئێران لە ناودەچێت.

دووەم/ دەوڵەتێکی گەورەی دراوسێ ی کۆنە دوژمنی لە مێژینەی ئێران لەتوپەت دەبێت و دابەش دەبێت بەسەر چەند دەوڵەت و ئیمارەتێکی بچوکدا کە هەرگیز ناتوانن هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی ئێران بکەن.

سێهەم/ بەلای کەمەوە یەکێک لەو دەوڵەتانەی کە دروست دەبێت دەوڵەتێکی شیعە دەبێت، ئەو دەوڵەتە نەک هەر گوێڕایەڵی ئێران دەبێت بەڵکو سەرکردە سیاسیەکانی هێندە لە ئێراندا نیشتەجێ بوون و هێندە رێکەوتنی ئاشکراو نهێنیان لەگەڵ ئێراندا هەیە کە بەدوور نازانرێت لە ئایندەدا وەک کۆنفدرالیەک یەکنەگرن، ئەمە وێرای هاو ئاینزایی و هاو جوتبوونی تێزەکانیان .

چوارهەم/ لە روی ئابوریەوە ئێران و ئەو دەوڵەتە شیعە نوێیە دەتوانێت رێژەیەکی زۆری سەرچاوەکانی پترۆل لە دەست خۆیاندا قۆرغ کەن و هەمیشە وەک کارتی سیاسی بەکاری بێنن.

پێنجەم/ ئێران ئەو دەوڵەتە نوێیە دەکاتە باڵەخانەیەکی جوان بۆ خۆی کە هەمیشە بەسەر سعودیەدا بڕوانێت، هەرچی( کوێت )یشە ئەوە لە سێ لاوە گەمارو دەدرێت و هەناسە بڕاو دەبێت.

سونەکانی عێراق و دەوڵەتانی عەرەبی سونە لەم نەخشەیەی ئێران بێ ئاگانین هەر لەبەر ئەوەش مەڕ ئاسا لە ترسی لورە لوری ئەو گورگە پیرە سەریان بەیەکدا کردووە..

**شیعەو سونەو پاکتاوی نەژادی:**

ماکیاڤیلی نەمر لە یەکێک لە تێزەکانی خۆیدا دەڵێت( پێویستە میر – یاخود وڵات– وەک ئەو گورگە وابێت کە چوار دەوری بە نێچیر تەنرابێت، نەک وەک نێچیرێک بێت کە چواردەوری بە گورگ تەنرابێت) ئەم تێزەی مەکیاڤیلی بۆ خۆی باشترین وێنەی عێراقمان پیشان دەدات کە وەک نێچیرێکی لاوازو ئاسانی لێهاتووە و چواردەوری بە گورگ تەنراوە، مانەوەی نێچیرێکی ئاوا بە ساغی و زیندویی مەحاڵە، هەموو یاریکەرە سونە و شیعەکانی سەر گۆڕەپانی عێراقیش ئەو راستیە باش دەزانن بۆ یە هەریەک هەوڵ دەدات بەشێکی زۆرتری لەو کەلاکە دەستکەوێت، سەیرێکی جوگرافیای ئەو دەعبایەی کە پێ ی دەگوترێت دەوڵەتی عێراق باشتر بۆمان ئاشکرا دەبێت کە ئەو یاری کەرانە چییان لە هەگبەدایە.




**تێبینی ( ئەم نەخشەیە و  جوگرافیای دابەشکردنەکە لێکدانەوەی نوسەرە،  لە هیچ سەرچاوەیەک وەرنەگیراوە )**

کوردو شیعە لایەنگری فیدرالین چونکە فیدرالی لە ئایندەی جیابونەوەدا کار ئاسانی زۆر پێشەکەش بە لایەنەکانی کێشەکان دەکات، حکومەتی فیدال پارلەمان و  دەستور و سەرۆک و سوپای خۆی دەبێت و سنوریشی لەگەڵ هەرێمەکانی دیکەدا یاخود لەگەڵ سەنترالّدا دیاری کراوە.

شیعەکان لە هەردوو ئەرگەری فیدرالی و دابەش بووندا پێویستیان بەوەیە کە سنوری خۆیان بە زووترین کات بۆ زۆرترین ناوچەی عێراق درێژ کەنەوە، لەبەر ئەوە لە شوێنەکانی بەریەککەوتن لەگەڵ سونەکاندا پرۆسەیەکی زۆر وردی پاکتاو کردنی نەژادی پەیڕەو دەکەن...

بۆ ئەم مەبەستە لە نێو شاری بەغداد کە شەڕە گەورەکەی سنوری تیادا دەکرێت لە چەندین لاوە روباری دیجلە کراوەتە خاڵی جیابنونەوە یاخود سنوری نێوان بەغدادی شیعەو بەغدادی سونە

بەشی رۆژهەڵات و باشوری بەغداد بە شێوەیەکی نیمچە تەواو لە لایەن شیعەکانی سوپای مەهدی پاکتاوی نەژاد کراوەو  دەیان هەزار ماڵە سونە لە ترسی هەڕەشەی کوشتن ماڵەکانی خۆیان بەجێهێشتووە، ئەوانەشی ماونەتەوە رۆژانە لە نێو شەقامەکاندا تەرمەکانیان بە کوژراوی دەدۆزرێتەوە، بەم جۆرە شیعەکان پشتێنەی رۆژهەڵات و باکوری رۆژهەڵاتی بەغداد ( ناوچەکانی مەدینە سەورە– سەدر ستی – مەدینە شەعب– ئور– عەدەن – قاهیرە– سلێخ  ) هەرچی ئەوبەری ئاوی دیجلەشە واتە بەری کەرخی بەغداد زۆرینەی ناوچەکانی سونە نشینەو لە زۆر شوێندا لە شیعە پاکراونەتەوە لەوانەش ناوچەکانی ( خەزرا، ئەعزەمیە، غەزالیە، یوسفیە، لەتیفیە، ئەسکەندەریە، راشدیە، تاجی) .

پاکتاوکردنی نەژادی تەنها بە گەڕەکەکانەوە ناوەستێت بەڵکو لە زۆر شوێندا زانکۆکان و خەستەخانەکان و قوتابخانەکانی ئامادەیی و ناوەندی و سەرەتایشی لێ دەرباز نەبووە، ئەوەتا سوپای مەهدی دەستی بەسەر زانکۆی ( ئەلموستەنسەریە) و نەخۆشخانەی کازمیەدا گرتوە، تەنانەت شەقامەکانیش ناوەکانیان گۆڕاون بۆ ناوی نزیک لەو ئاینزایەی کە دەستی بەسەردا گرتووە..
شەڕی تایفەگەری میدیاکانیشی گرتۆتەوە، زۆربەی هەرە زۆری ئەو پارت و رێکخراوە سونەو شیعانە و لایەنەکانی دیکەی گۆڕەپانی سیاسی لە عێراقدا کەناڵی سەتەلایتیان بۆ خۆیان داناوە، ئەگەر کەسێک تۆزێک کەناڵگۆڕکێ بکات و بۆ چەند ساتێک سەرنجی جۆرو بابەتەکانیان بدات هەر زوو بۆ ئاشکرا دەبێت کامە کەناڵە دامەزراوی کامە گروپی سیاسیە، کەناڵەکانی شەڕی تایفەگەری لە عێراقدا ئەمانەی خوارەوەن:
**کەناڵی ئەلعراقیە**: ئەم کەناڵە تایبەتە بە پارتی بانگەوازی ئیسلامی کە سەرۆک وەزیران ئەلمالیکی ئەندامێتی، ئەم کەناڵە کە وەک کۆپی کەناڵە ئێرانیەکان وایە بانگی نوێژکردن بۆ هەموو عێراقیەکان بە شێوەی شیعەو شێوازی ئێرانی بلاو دەکاتەوە، هەرکەسێک لەلایەن پۆلیسەوە ( یاخود بە واتایەکی تر ئەندامانی سوپای مەهدی ) دەستگیر دەکرێت هەر ئەو کاتەو بەر لەوەی ئەو کەسە تاوانەکەی بەسەردا ساغ بێتەوە یاخود خۆی دان بە تاوانباربوونی خۆیدا بنێت نەک وێنەکانیان پیشان دەدات بەڵکو بە تررۆریست ناویان دەبات ، بێگومان هەموو تاوانبارەکانیش سونەن...
**کەناڵی ئەلشەرقیە**:
ئەم کەناڵە کە سەعد بەزاز خاوەنیەتی و تایبەتە بە پارتی پێکهاتنی نیشتیمانی ئەیاد عەلاوی لە لایەن سعودیە و ئیماراتەوە پشتیوانی دەکرێت، ئەوەی لەم کەناڵەدا جێگای سەرنجە ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری بەعسیەکان کاری تێدا دەکەن، ئەوانەی کە دەنگوباسەکان و ریپۆرتاژەکان پێشکەش دەکەن هەتا دووا ساتی کەوتنی رژێمی سەدام حسێن لەکەناڵی ئاسمانی عێراق کاریان دەکرد، خۆ ئەگەر ئارمی ئەلشەرقیە بگۆڕیتەوە بە داڵەکەی رژێمی عێراق ئەوە بێگومان بینەر توشی دڵەراوکە دەبێت و وادەزانێت کەوتنی رژێمی عێراق خەونێک بووەو بەسەر چووە..
**کەناڵی ئەلفورات:**
ئەم کەناڵەش تایبەتە بە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق کە عەبدول عەزیز ئەلحەکیم سەرپەرشتی دەکات، ئەم کەناڵە زیاتر وتەو بۆچونەکانی ماڵی ئەلحەکیم دەخاتە روو، وەک دەگوترێت لە کۆی 300 کارمەندی کەناڵەکە جگە لە شیعەو ئەندامانی ناو ئەنجومەن هیچ کەسێکی دیکە کاری تێداناکات، میوانی زۆرجاری ئەم کەناڵەش عەمارحەکیمی تازە سیاسەت مەدارو جەلالەدین سەغیرە..
ئەم کەناڵە تاکە بەشخوارو تاکە چەوساوەی عێراق تەنها بە شیعەکان دەزانێت و لە ناوچە شیعەکانیش زیاتر هیچ ریپۆرتاژێک پێشکەش ناکات..
**کەناڵی ئەلبەغدادیە:**
ئەمە تاکە کەناڵی سونەکانی عێراقە و لەلایەن بەرەی تەبایی ( تەوافق) پێکهێنراوە، ئەمیش هاوتای کەناڵە شیعەکان تەنها سونە بە بەشخوراو دەزانێت لە عێراقدا و ئەو کردەوانەی کە دژی ئەمەریکا ئەنجام دەدرێن بە تررۆریستی ناویان نابات و زۆر جایش بە رێکەوت لە کاتی ئازاد کردنی پەیامنێرو کەسانی بیانی ئەو کەناڵە بەتەنها خۆی ئامادەیەو وێنە دەگرێت بۆ نمونە لە کاتی ئازاد کردنی رۆژنامەوانی ئەمەریکی ( جیل کارول ) ئامادە بوو!
**کوردو بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق:**
ئەو نەخشەیەی سەرەوە کە ئایندەی دابەش بوونی عێراق دەخاتە روو، تارادەیەکی زۆر بۆ ناوچەکانی سونەو شیعە رەنگە جیاوازیەکی ئەوتۆی تێدا سەرهەڵ نەدات بەڵام سەبارەت بە کوردستان هەتا ئەمڕۆ چارەنوسی نەک تەنها هەرێمی کوردستان بەڵکو ناوچە کوردیەکانی دیکەی وەک( کەرکوک و خانەقی و

جەلەولاو بەدرەو جەسان و مەخمورو شەنگال) و تەواوی ئەو ناوچانەی کە پەیوەستی ئەو دەڤەرانەن دیارنیە...

راپۆرتەکەی ( بیکەر– هاملتۆن) نەک تایبەت مەندیەکانی کوردستانی باس نەکردووە بەڵکو ئاسایی کردنەوەی رەوشی کەرکوک بە مەترسیدار ناودەبات و داوا لە حکومەتی ئەمەریکا دەکات کە لە عێراقدا پشتوانی لە حکومەتێکی سەنترالی بەهێز بکات و گۆڕانکاری لە دەستوردا بکرێت، ئەمەش بۆ خۆی ئەوە دەگەیەنێت کە چارەنوسی 3/1 ی خاکی کوردستان نادیارە، لەبەرئەوەی بڕگەی 140 کە تایبەتە بە ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی ناوچە بەعەرەب کراوەکان هەتا ئەمڕۆ هیچ نەجامێکی دیاری بەدەست نەهێناوە.. لەم بارەوە دەکرێت ئەم سەرنجانە تۆماربکەین:

1. کورد بەبێ مەرج لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا خۆی توشی سەرئێشە کردو هەموو هێلکەکانی خستۆتە نێو سەبەتەی ئەمەریکاوە، لەئەگەری کەوتنی سەبەتەکەدا هیچ کام لە هێلکەکانی بۆ نامێنێتەوە..
2. هەروەک هەندێک لە سیاستە مەدارانیش ئاماژەی پێدەکەن کورد خۆی بە هاوپەیمانی ئەمەریکا دەزانێت بەڵام ئەمەریکا کورد وەک نەتەوەیەک سەیر ناکات بەڵکو وەک یەکێک لە پێکهاتەکانی عێراق سەیریان دەکات، لێرەداشدا لە چاو سونەو شیعەدا کورد لاوازترین پێکهاتەیە لەبەر ئەوە ئەمەریکاش بەهەمان شێوە لەپاش شیعەو سونەوە کورد دەبینێت.
3. کورد لە سەرەتای پرۆسەی ئازاد کردنی عێراقەوە لەبەر سەرگەرم بوونی بە هەندێک کاری گەندەڵی و تایبەتەوە (رەگەزی کات) ی فەرامۆش کرد، ئێستاش لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا کێشەی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان ئاڵوزترو قورستر دەبێت ئەگەر مەحاڵیش نەبێت..
4. خۆشخەیاڵی کورد بە دەستورو مادە دەستوریەکان هێندەی دیکەی سەرخۆشکردن و هێندەی دیکەش کاتی لە کورد بە فیرۆدا، لەنێو کۆمەڵگایەکدا کە شەڕی تایفەگەری و ئاینزایی و سەدان کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی تیادا بێت دەستور هەرچۆنێک بێت و لە هەر بڕگەیەک بێت زۆر بەئاسانی دەخرێتە لاوە، لەم بارەدا تەواوی وڵاتە کۆن و پڕ شارستانیەکانی خۆرهەڵات خاوەنی چەندین کودەتای سەربازی و گۆمی خوێنە لە کاتێکدا زۆربەشیان دەستوریان هەیەو دەیان ساڵە نوسراونەتەوە..
5. گەندەڵی حکومەت و پارتەکان و دەزگاکانی بەڕێوە بردن لە کوردستان کۆمەڵگای کوردی بەجۆرێک بێزار کردووە کە خەڵکی بە شێوەیەکی گشتی بڕوایان بەو پارتانە نەمانەوە لەوەش ترسناکتر ئەوەیە کە ئەو پارتانە هێندە کەسانی گومانلێکراوو کۆنە جاش و خاوەن فایلیان لەخۆ گرتووە کە بۆتە هۆی ئەوەی لە نێوان دەسەڵات و خەڵکیدا متمانە نەمابێت...

ئەمڕۆ شتێک نەماوە لە عێراقدا ناوی فدراڵی بێت ، خۆ ئەگەر فدراڵی بەناویش هەبێت ئەوە لە سەرزەمینەی واقعیدا ئەو فدرالیەتە هەستی پێناکرێت، ئەوەتا هەر لە کارەباو سوتەمەنی و داهاتەوە تا دەگاتە دەرمان و بۆدجەو زیادەکانی بۆدجەو بەرگری و نێرژەی زانکۆکان و وەزارەتەکان، هەموو ئەمانە هاوتای حکومەتیکی دیکتاتۆری سەنترال مامەڵەیان لەگەڵ کوردا پێدەکرێت لە کاتێکدا کورد خۆی لە دەسەڵات و پێکهاتەی حکومەتدایە، هەموو ئەم خاڵانە ئەوە دەگەیەنن کە کورد لە گەمەی سیاسیدا زۆر لاوازە و هێندەی بە بەڵێن و زەردەخەنەی بەرامبەر خۆش باوەڕە هێندە بە دسپلین و رێکەوتن نامەو خستنە گەڕی کارتی سیاسی خۆش باوەڕ نی یە ...

وێرای ئەوەی بەشێکی زۆر گرنگی پۆستە سیاسی و دبلۆماسیەکانی عێراق بە دەست کوردەوەیە بەڵام کورد هەموو ئەم پۆستانەی خستۆتە خزمەت عێراقی بوونی خۆی و هەمیشە بە جۆرێک دڵسۆز بووە بۆ عێراق کە نە عەرەبی شیعە و نە عەرەبی سونە ئەو دڵسۆزیەیان بۆی نەبووە، ئەم خۆش باوەڕت و خەمساردیە وایکردووە کە کورد لە روی دبلۆماسیەوە زۆر لاواز بێت و تا ئێستا نەیتوانیبێت تاقە

یەک دەوڵەتی عەرەبی سونە بکاتە هاوڕێی ی خۆی یاخود هەر هیچ نەبێت لە خانەی دوژمنایەتی وەدەریان نێت ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆربەی کورد سونە ئاینزان و دەتوانرا ئەم کارتە وەک گەمەیەکی سەرکەوتوو لە گەڵ ئەردەن و سعودیەو ئیماراتدا بەکار بێت...

بۆیە بەڕای من هاوتای راپۆرتەکەی ( بیکەر– هاملتۆن ) پێویستە کوردیش لیژنەیەکی هاوتای ئەو لیژنەیە لە پسپۆڕ و شارەزایان دیاری بکات و بە زوترین کات راپۆرتێک ئامادە بکەن و بیکەنە نەخشەی رێگا بۆ سیاسەتی داهاتومان ئەگەر نا ئەوە یاساکەی مەکیاڤیلی بەسەر ئێمەشدا دەچەسپێت و گورگەکان هەموو کەلاکەکە بۆ خۆیان دەبەن و ئێمەش وەک قەل تەنها ئێسکەکانمان بەردەکەوێت!